# ٣ لایەنی رەخنەی هونەری

ن :تیۆدۆر مایر گرین
وەرگێڕ لە فارسی‌یەوە: رەسولٚ سولٚتانی

هەر بەرهەمێکی هونەری لە خۆیدا شتێکی تاقانەو یەکانەیە: "ئۆرگانیزمێکی "سەربەخۆو هونەری هەیەو خاوەنی ژیان "زیندویەتی" و واقعێکی تایبەت بە خۆیەتی. بەلاٚم، وێڕای ئەوەش، دیاردەیەکی مێژوییشە. بەرهەمی هونەرمەندێکی دیار و سەر بە قوتابخانەو سەردەمێك و کولتوورێکی ناسراوە و نموونەیەکە لە تایبەتمەندیی ئەو شێوازەی کە بووەتە خالٚی هاوبەشی ئەوو بەرهەمەکانی‌دیکەی ئەو هونەرمەندە و هەمان قوتابخانەو سەردەم و کولتوور. دیارە لە چاکی و خراپی و حەقیقەت و گرینگی دا لێك جیاوازن : هەر بەرهەمێکی هونەری یا تا ئاستێکی تایبەت بە خۆی کەلٚك لە حەقیقەت و گەورەیی وەردەگریٚ، یا شتێکی درۆیین و سواوو پڕ لە کەموکوڕییە. ڕەخنەگری لێهاتوو هەرسێك لایەنەکان ڕەچاو دەکا. کەسانێکیش کە ناپسپۆرن بەلاٚم لە بارەی هونەریەوە هەستیارن ئاوان. گەرچی لەوانەیە لە باری وردبینی و لێکدانەوە و شێواز و دروست بوونی بۆچوونی مێژوییەوە نەگەنە ڕەخنەگر. ڕەخنەگر حەول دەدا لە ڕێگەی سەر لە نویٚ ئافراندنی هەستیار و هونەرمەندانەوە“ بە سەر بەرهەمە هونەریە تاقانە و سەر بە خۆ زالٚ بیٚ و بچێتە بنج بناوانیەوە. بەلاٚم بۆ سەر لە نویٚ خولٚقاندنەوەی بەرهەمی هونەری بە گوێرەی پێویست“ لە سەرەتادا پێویستە لە زمانی هونەرمەند بگا کە ئەوەش خۆی پێویستیی بە ئاشنایەتی دەگەلٚ شێوازی(سبك)بەرهەم و ئاخێزگەی مێژوویی بەرهەمەکە هەیە. دیارە خولٚقاندنەوەی لایەنی مێژووییش، هەموو لایەنەکانی کردەی ڕەخنە لە خۆوە ناگریٚ. چونکە کردەی ڕەخنە پێویستیی بە هەلٚسەنگاندنی کاری هونەرییە، هەم لە باری چلۆنایەتی لایەنی هونەری وهەم لە باری حەقیقەت و گرینگێتی مەعنەویی هونەری. کەواتە ڕەخنە سیٚ لایەن لە خۆوە دەگریٚ. لایەنی مێژوویی، لایەنی خولٚقاندنەوەو لایەنی هەلٚسەنگاندن(داوەری). لە کاری هونەریدا هەر کام لەو سیانە دەگەلٚ لایەنێکی وەك خۆی پەیوەندی هەیە،

ڕەخنەی مێژوویی دەگەلٚ تایبەتمەندی و بۆچوونی مێژووییانەی بەرهەم، خولٚقاندنەوەی ڕەخنەیی دەگەلٚ تاکێتی و سەربەخۆیی هونەریی بەرهەم، هەلٚسەنگاندن(داوەریی) ڕەخنەییش دەگەلٚ بەهای هونەری بەرهەمەکە. ئەم سیٚ لایەنەی ڕەخنەی هونەری هۆکار گەلێکن لە پڕۆسەیەکی ئۆرگانیك دا کە هەمووشیان یەکتر بەر تەسك دەکەنەوە. نزیکایەتیان لە یەکتر ڕاست وەك نزیکایەتی دوولایەنی شێواز و تاکایەتی و بەهای بەرهەمی هونەری وایە.

ڕەخنەی مێژوویی ئەرکی دیاری کردنی ماهیەت و ویستی دەربڕینی کردە هونەریەکانی، لە شوێنگەی مێژووییاندا لە ئەستۆیە و دەبیٚ لە لایەکەوە ڕەسەنایەتی دەق و بەرهەمەکان بسەلمێنیٚ و لە لایەکی ترەوە بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنیان بە ڕەچاوکردنی بەلٚگەی ژین نامەیی و کۆمەلاٚیەتی و کولتووری قوٚلٚ هەلٚمالٚیٚ.

تەنیا لەم ڕێگەوە دەکریٚ هیوایەکمان بە تێگەیشتن لەو کارە هەبیٚ کە داهێنەر و خولٚقێنەرەکانی کارە هونەریەکان خوازیاری دەربڕینی چ شتیٚ بوون(یا ویستوویانە چ شتیٚ دەربڕن). تەنیا لە ریٚگەی هۆگری و زەمینە کولتوورییەکانی خودی داهێنەرانەوە دەکریٚ لە لێکدانەوە وبۆچوون و ویستی ئەوان بگەین.

خولٚقاندنەوەی رەخنەیی دەروەست بەوە دەلٚێن کە: بەهۆی کردەی هەستیاری هونەرمەندانە و بە یارمەتی هێزی فەنتازیایی تیٚ بگا کە لە فلاٚنە کاری هونەری‌دا هونەرمەند توانیویەتی چ شتیٚ بلٚیٚ. شتێکی دروست و تەواوو سروشتیە: کە رەخنە گری خولٚقێنەر لەوشتە تیٚدەگا کە بتوانیٚ بەویست و داخوازیەکانی خۆیەوە گرێی بدا.لە خولٚقاندنەوە دا ئەوشتە شتێکی بنەڕەتی نیە، مەگەر

لەولایەنەوە کە شتێکی پۆزەتیف یارمەتی هونەرمەند بکا بۆ تێگەیشتن لە کاری هونەری وویستی درکێندراو. داوەری رەخنەیی دەبێ ئەملایەنە گرینگە بخاتە بەرباس وبەهای هەرکارێکی هونەری لەگەڵ کارەهونەرییەکانی دیکە وبەهامرۆڤایەتیەکانی دیکە هەڵسەنگێنێ.هەروەك دەبینین ئەم بەها دیاریکردنە پێویستی بە کەڵك وەرگرتن بەلانی کەم لە سێ پێوەری لێك جیاواز هەیە:

یەکەم,پێوەرێکی جوان ناسانەی شازی بەرهەمی هونەری لەباری فۆرمەوە.

دووهەم, پێوەریمەعریفی.

سێهەم, پێوەری گرینگیەتی و مەزنی وماناو قوولی(پڕناوەڕۆکی).

دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم سێ لایەنە رەخنەییە, لەراستی دا سێ جۆر ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ کاری هونەری کە تەواوکەری یەکترین ودەکرێ هەرکام لەوشێوە ڕووبەڕووبونەوانەش تەنیا لەگەڵ دوو شێوازەکەیتر بەشێوەیەکی کاریگەر و شوێن دانەر بخرێنە بەر توێژینەوەو تاووتوێ کردن. توێژینەوەی مێژوویی بێلەبەرچاو گرتنی خولقاندنی هەستیارانە و هەڵسەنگاندنی دادوەریانە,بێجگە لە پێرستێکی وشك و بێ گیان لە ئۆبژە مێژووییەکان هیچیتری لێناکەوێتەوەکە ئەویش بەتەنیایی لە دیاریکردنی ماهیەتی هونەری وبەهای کارەکان دا تووشی شکست دێ.هەوڵ دان بۆ خولقاندنەوەی بەرهەمی هونەری بێ تێگەیشتن لە شوێنگە مێژووییەکەی بلێی و نەلێی لەداهێنانەوەی دووبارەدا کەم دێنێ وبێجگە لە پەرچەکردارێکی زەینی (دەرهەستی) شتێکی لێناکەوێتەوە. ئەگەر پەرچە کرداری ئیستاتیکی مرۆڤ لەبەرامبەر هونەردا هەڵسەنگاندنی هونەریی بەیارمەتی پێوەرەهونەرییەکان لەگەڵ نەبێ، لەباری هونەرییەوە هیچ گرینگی وبەهایەکی نابێ و ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنەش بێ روانگەی مێژوویی و هەستیاری هونەری بکرێ ناچار لە تەنگەژەیەکی تەواو ئەکادیمیك یازانستی یا ئەخلاقی دا دەمێنێتەوە.کەواتە مەرجی تێگەیشتنی سەرچاوەگرتوو لە خولقاندنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی داوەری، دیتنەوەی ئاراستەی مێژووییە. دیارە کەسێك لە خولقاندنەوەی کاری هونەریدا سەرکەوتوو دەبێ کە لەو ناوەرۆکەی کە داهێنەر دەریبڕیوە تێ بگا، بەو مانایەی کە بتوانێ وەك کەرەسەیەکی لێك تێگەیشتن و پێوەندی گرتن بۆ راڤە و لێکدانەوە کەڵکیان لێوەرگرێ. ئەم چەشنە تێگەیشتن و مەعریفەیە نەتەنیا پێویستی بە مەعریفەی گشتی لە کەرەسەی هونەری دەکارکراو هەیە، بەڵکوو پێویستیی بە ئاشنایەتی دەگەڵ زمان ودەستەواژەکانی هونەرمەندیش هەیە وئەو شتەی کە ئەم دوانەش دیاری دەکا قوتابخانەو سەردەم و کەلتوور وکەسایەتی ئەوە. ئەم تێگەیشتنە هەروەها پێویستی بە ناسینی سەردەمی هونەرمەند و چوارچێوەی هزری ئەو هەیە.بەبێ ئەم ئاراستە مێژووییە هیچ رەخنەگرێك "هەرچەندە خاوەنی وردبینی هونەریش بێ" لە داوی (کەفووکولێکی رووکەشیانە) دەرباز نابێ. بەومانایە کە هەرچی لەکاری هونەریدانیە لەوێدا دەکاری دەکاو بەشێك لە توخم و پاژەکانی لێ دەشێوێ وپێی ناگا. هەڵسەنگاندنی داروەریانەش نادڵخواز و نادادپەروەرانە دەبێ بەمەرجێك پشت



نەبەستێ بە تێگەیشتنی مێژوویی ئەو بابەتە کە هەڵدەسەنگێندرێ. بەرلەوەی پرسیار بکەین"بەهای فلانە شت چیە؟" دەبێ بپرسین "فلانە شت چیە؟" وەڵامی ئەو پرسیارەش تەنیا لەچوارچێوەی مێژوو دا دەدرێتەوە.

هەربەو شێوەیە بنەمای رەخنەی مێژوویی و داوەری رەخنەییش، خولقاندنەوەی کاری هونەرییە بەهەموو تاکایەتی و تایبەتمەندییەکانیەوە. مێژوونوسی ئەدەبیاتی مەرجدار و سنووردار سەرووکاری لەگەڵ ئەم جۆرە خولقاندنەوانە دایە.چونکە بابەتی تاووتوێ کردنی ئەو تەنیا لەسەر بنەمای دژکردەوەی بێنێوبژیوان و راستەوخۆی هونەری دیاریدەکرێ. تەنیا هەستیاری هونەریی مرۆڤە دەریدەخا و روونی دەکاتەوە کە چ شتێك کاری هونەریە و کام شت نیە وچ شتێ دەبێتە بابەتی مێژوویی هونەرو ئەدەبیات وچ شتێ بۆ ئەوە نابێ. لە لایەکی ترەوە تەنیا دەکرێ شتێك بکەینە بابەتی هەڵسەنگاندنی هونەری کە بەوپەری ئەمانەتداریەتی وراستیەوە خولقێندرابێتەوە.کەڵك وەرگرتنی میکانیکی لە ڕێسا و پرەنسیبەکان ناکرێ ببێتە بنەمای هەڵسەنگاندن. ئێمە دەبێ هەست بەوشتە بکەین کەداوەری لەسەر دەکەین. هەڵسەنگاندنی ئێمە دەبێ لەسەر بنەمای ئەزموونێکی راستەوخۆ بێ کە بەرهەمی کردەی هونەریمانە.

دەرەنجام ئەوەیە کە ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی داوەرییانە لەلایەك بە لوتکەی رەخنەگری ناسراوە, بەڵام لەسەرەتاوە لە هەموو کردەی رەخنەدا ئامادەیی هەیە. هەرچەندەش هەوڵ بدەین کە هەڵسەنگاندنەکەمان هەتا کۆتایی خولقاندنەوە و توێژینەوەی



مێـژوویی وەدوا بخـەین دیسـان دەبینین کـە لەسـەرەتاوە دیسان خـەریکی هەڵسـەنگاندنی بەرهـەمی هونـەری بـووین و ناچـارین لـە بەهادان بە هزر و کردار و هەڵسەنگاندنیان.هەرئەوەی کە رووبـەڕوی کـارێکی هونـەری دەبینـەوە دەسـت دەکـەین بـە هەڵسـەنگاندنی، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەو هەڵسەنگاندنە ئێستاش چەندە لە قۆناغی سـەرەتایی دایـە وبـە سـەرەنجدان بـە بەڵگـە مێژووییـە نوێیەکان و دەرکەوتەکانی بەرهەمی خوڵقاندنەوەی سەرلەنوێ دەبێ چەند جار پێدا چوونەوە بکرێ.ئـەم دردۆنگیـە لـە هەڵسـەنگاندندا نەتەنیا چارەهەڵنەگرە بـەڵکوو بـۆ توێژینـەوەی مێـژوویی بەکـەڵک و خوڵقاندنـەوەی بـەهرەدار شـتێکی بنەڕەتیـە. ئەگـەر توێژینـەوەی مێژوویی لە دەسپێکەوە تا ئاکام بەپێی ڕێنوێنی بەهاکان و پێـوەرە هونەری یاغەیرە هونەریەکان نەکرێ و ڕوانگەیەکی بەهادارانەی نەبێ شتێکی سواو و بێکاریگەر دەبێ.

هەرلێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی چ لـە هونـەر و چ لـە بوارەکـانی دیدا بەمەرجێك بـەرەنجام وبەرهـەمی باشی لێدەکەوێتـەوە کەلـەژێر تیشکی پرەنسیپی بەهادارانەدا بەئاکام بگا.خوڵقاندنەوەی هونەریش ئەگەر بێت و چیەتی هونەری و حەقیقەت و گرینگی و واتـای هونـەر لەبەر چاو نەگرێ, شـتێکی جگـە لـە هەوەسبازی و گاڵتـەو گەمـەی لێناکەوێتـەوە.تەنانـەت ئـەو جـوان پەرەسـتانەی کـە هونـەریان بـۆ خودی هونەر دەوێ(پارناسەکان–وەرگێر) وگوێ نادەنە حەقیقەت و گرینگیەکـەی ئەگـەر بێـت و وردبینـی بنـوێنن چـیـەتی بێهاوتایی(بێوێنەیی) بەرهەمی هونەری دەبینن وسەریان لە هەستی ناسکی جوانی ناسیانەیان سوڕ دەمێنێ.

کەواتە رەخنە گری کامڵ و وردبین ئەوکەسـەیە کە دەست و بـردی هـەبێ لـە بۆچـوونی مێـژویی بـە نیسـبەت کـردەی هونـەری و خوڵقاندنەوە و هەڵسەنگاندن. هیچ رەخنەگرێك نابێ لـەو سـێ بـوارە دا کـەموکوڕی هـەبێ کەچـی هـەر رەخنـەگرێکیش بـەپێی عـادەت و شێوەی پەروەردەکراو لە چۆنیەتی رووبەڕووبونەوە لەگەڵ بەرهەمی هونەری بـوارە جیاجیاکانـدا، شـێوازی رووبەڕووبونـەوەی مێـژوویی، سەرلەنوێ خوڵقاندنەوە یا داوەری هەڵدەبژێرێ و دەیگرێتە بەر. زاڵ بـوونی هـەرکام لـەم توانـایی و لایەنانـە لـە رەخنـەگردا، ئـەو سەربەیەکێك لە بزوتنەوە رەخنەییەکان و کەلتوریەکەی دەناسێنێ. خاڵی جیاوازی ئەم بزووتنەوانە لە یەکتر، داکۆکی هـەرکام لەوانەیە لەسەر لایەنێکی تایبەت لە گوتاری رەخنەیی، کە لەوانەیە بەسـەدان سـاڵ درێـژەی هـەبێ بـەڵام لـە هێنـدێ سـەردەمی مێـژووییدا گرینگیـەکی تایبـەتی هـەبێ. بـۆ وێنـە لەکـەلتوری ئـەورووپیدا قوتابخانـەی رەخنـەیی"نێـۆ کلاسـیك" بەگشـتی مـەیلی بـەلای داوەرییەوە بوو. لایەنی باشی ئەم قوتابخانەیە پەیڕەوی کردن لـەو پرەنسیپانە بوو کە لەکتێبی شێعری ئەرەستوودا بوو و لەسەدەکانی ١٧ و ١٨ دا برەوی هەبوو.

قوتابخانەی رەخنەیی "رۆمانتیك" زیاتر بۆچوون و مەیلی سەرلەنوێ خوڵقاندنـەوەی هـەبوو.داکۆکی لەسـەر هەڵکەوتـەیی دەکرد و لـەو باوەڕەدا بوو کە چیەتی هونەری بە عەقڵ لێك نادرێتەوە وتێگەیشتن و وەرگرتنـی هونـەری دەبـێ بەشـێوەی ئیلهام وەرگرتن بـێ.ئـەو قوتابخانەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوانزەهەمدا برەوی هـەبوو. لـەئاکام دا ئـەوە قوتابخانـەی نـوێی لێکۆڵینـەوەی مێژووییـە لـە ئەدەبیات و هونـەرە جوانەکانـدا کەلـە نیـوەی دووهـەمی سـەدەی نۆزدەهەمـدا رۆژلەگـەڵ رۆژ گرینگـی پەیـدا کـرد و ئێسـتاش سەرکەوتووترین هەڵوێستە لەگەڵ هونەردا.دوپاتی دەکەمەوە کە ئەم بزووتنەوانە تەنیا لە ئاراستەی جەخت کردن لەسـەر یـەکێك لـە رەهەنـدەکانی رەخنـەدا جیاوازیـان پێکـەوە هەیـە.کەسـایەتییە بەرچاوەکان لەهەرکام لە هەرسێ شێوەی رەخنەگرتن دا تواناییەکی لەرادەبەدەریان هەبو. رەخنەگرانی بەناوبانگ و لێهاتوو فەزای هزری و هونەری خۆیان وێنا دەکەن و مـەیلی خۆیـان بـۆ یـەکێك لـەو سـێ بزووتنەوەیە دەردەخەن.

وەرگێر بۆ فارسی: عزت الله فولادوند

* * *

**لەم ماڵپەڕانەی خوارەوە دەتوانن زانیاری لەسەر یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گۆڤاری لاوان وەرگرن :**

Kurdistan Democratic Youth Union of Iran

www.r-lawan.com
www.lawan.se
www.lawankurd.com
www.lawan.fi